Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کاریگەری گرافیک دیزاین لە خستنەڕوی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا بۆ جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا – ئێن ئارتی بە نمونە

**بریار جەلال معروف[1] - حەکیم عوسمان حەمید[2]**

[1+2]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

(کاریگەریی گرافیک دیزاین لە خستنەڕوی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا بۆ جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا- ئێن ئارتی بە نمونە)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە ماموستایانی میدیا و رۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران بەنمونە وەرگیراوە، ئەم توێژینەوەیە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە. گرنگییەکەی لەو سۆنگەیەوەیە کە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانی ئەم سەردەمە، لە هەرێمی کوردستانیش دەزگا میدیاییەکان هەمو هەوڵێکی خۆیان خستوەتەکار لە پێناو دروستکردنی زۆرترین کاریگەریی لەسەر بینەرەکانیان، لەو ڕێگەیەشەوە دیجیتاڵ میدیاکان لە ڕێگەی گرافیکە جۆراوجۆرەکانیانەوە هەوڵیانداوە ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بەسەر بینەرەکانیانەوە بەجێبهێڵن و لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی...هتد سود لە گرافیک دیزاین وەک یەکێک لە زانستەکانی سەردەم وەربگرن. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەپاش ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی بەسەریاندا هاتوە، بەشدارییەکی گرنگ و گەورە دەکەن، لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵەکاندا، کاریگەریی بەرچاویان هەیە لەسەر پێکهێنانی ڕای گشتی و بڕیاری سیاسیی. ئەگەر لەپێشتردا ململانێکان لەڕێگەی سەربازی، بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆوە بەڕێوەچوبن، ئەوا لەئێستادا ئەم ململانێیانە پتر لە نێو ڕاگەیاندن و لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە یەکلاییدەکرێنەوە، گرافیک دیزاینیش یەکێکە لەو هونەرانەی لەمڕۆدا دەکرێت لە یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەدا سودی لێببینرێت. کاریگەریی گرافیک دیزاین لەخستنەڕوی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا بۆ جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە توێژەر لەچوارچێوەی توێژینەوەی وەسفی و لەڕێی پیادەکردنی ئامرازی (ڕاپرسی)ییەوە. هاوکات لەتیۆرینامەکەدا پشتی بەتیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەستوە لای جەماوەر کە یەکێکە لەتیۆرە دیارەکانی بواری ڕاگەیاندن و تایبەتە بەدروستکردنی کاریگەریتی یان ڕۆڵ لەسەر جەماوەر وەک یەکێک لەڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیکردن. هەربۆیە توێژەر سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ (١٧٩) بەرتوێژەر لە ماموستایانی میدیای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران بۆ ڕاپرسی وەرگرتوە، کە بێگومان بۆ کردەنیکردنی ڕێکاری توێژەر فۆرمی شیکردنەوەی ڕاپرسیی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە.

**کلیلە وشەکان:** گرافیک دیزاین، پەیامی میدیایی، دیجیتاڵ میدیا، جەماوەر، هەرێمی کوردستان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31
**Received:** 05-November-2021
**Accepted:** 29-November-2021
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
bryarjalal@gmail.com
Hakem.osman@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## باسی یەكەم: چوارچێوەی توێژینەوە

### یەكەم: كێشە و پرسیاری توێژینەوەكە

كێشەی توێژینەوە واتە بابەت و كێشە و بوار و بیرۆكەكانی توێژینەوە زانستییەكە، بە گرنگترین هەنگاوی پرۆژە دەژمێردرێت لەبەرئەوەی هەنگاوی دواتر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری زانستی و گونجاوە بۆ ئەو كێشەیە كە دركی پێكراوە، هەروەها یەكێكە لە بنەما بنچینەییەكانی توێژینەوە، دیاریكردنی كێشەی توێژینەوە رۆڵێكی گرنگی هەیە لە ڕونكردنەوە و خستنەڕوی گرنگی توێژینەوەكە و ئەو گریمانانەی كە پشتی پێدەبەستێت و جۆری زانیاری و هۆكار و نمونە و تاقیكردنەوە و شێواز و جۆرەكانی ئەو بەرنامە زانستیانەی كە پشتیان پێدەبەسترێت لە ئامادەكردنی توێژینەوەكەدا، هەر بۆیە توێژەر لەسەرنجدانی لە كاریگەری گرافیک دیزاین لە خستنەڕوی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا بۆ جەماوەر لە هەرێمی كوردستاندا، ئەو تێڕامانەی لادروست بوە، لەوێشەوە كێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

ا – ناڕونی كاریگەری گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا لە هەرێمی كوردستان و لەناو دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی.

ب – نەزانینی ئەوەی كارە گرافیكیەكانی ئێن ئارتی تا چ ئاستێک یارمەتیدەربوە لە كێبڕكێكانی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی.

ج – ناڕونی و نادیاری ئاستی بەكارهێنانی بنەماكانی (هێڵ، ڕەنگ، تایپۆگرافی...) گرافیک دیزاین لە هەواڵەكانی ئێن ئار تی.

د – شاراوەیی ئاستی كارە گرافیكیەكانی دیجیتاڵ میدیای (ئێن ئار تی)، بەراورد بە ئاستی كارە گرافیكیەكانی دیجیتاڵ میدیا كوردیەكانی دیكە و دیجیتاڵ میدیا پێشكەوتوەكانی جیهانییەكان.


**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

گرافیک دیزاین یەکێکە لەدیارترین هونەرەکانی ڕاگەیاندنی بینراو لە ئێستادا کە هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی توخم و بنەما سەرەکییەکانی ئەم هونەرەوە کاریگەریی پەیامە میدیاییەکە کە خۆی لە هەواڵ و زانیاری و گێڕانەوەی ڕوداوەکان دەبینێتەوە لەسەر بینەر زیادبکرێت، یاخود نەبونی وێنە و ڤیدیۆی دیجیتاڵ میدیاکانی پێپڕبکرێتەوە، لە هەمو بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، مێژویی، کەسایەتی، ڕۆشنبیری و هتد بێت.

١ – گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گرنگی هونەری گرافیک دیزاین دەبینێتەوە کە لەمڕۆدا دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر جەماوەر، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگا میدیاییەکان لەهەوڵدان بە باشترین شێوە سود لە کەرەستەکانی گەیاندنی پەیامی میدیایی ببینن، تا زۆرترین کاریگەری لەسەر بینەرانیان دروستبکەن.

٢ – کەمی توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی گرافیک دیزاین لە سەر میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا ئەمەش وای لە توێژەر کرد توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، کە زۆرێک لە ڕێنماییەکانی گرافیک دیزاینی میدیایی لەخۆگرتبێت بنوسێت.

٣ – ئەزمون و باکگراوندی توێژەر لە گرافیک دیزاین و میدیای دیجیتاڵی، هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بوە.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

هەمو توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە کە توێژەر هەوڵی هێنانەدییان دەدات، ئیتر ئەو هەوڵە، کۆکردنەوەی زانیاری، یان چارەسەری کێشەگەلێکو گەیشتن بەڕاستیو زانیاری نوێ، یاخود گۆڕینو هەموارکردنی هەڵویستێک بێت (العلاونة، ١٩٩٦، ص٢٢). لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر، چەند ئامانجێکی هەیە:

ا – زانینی کاریگەری گرافیک دیزاین لە خستنەڕوی پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا لە هەرێمی کوردستان و لەناو دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی.

ب – بۆ ئاشکراکردنی ئاستی کارە گرافیکیەکانی ئێن ئارتی لە یارمەتیدانی لە کێبڕکێکانی گەیاندنی پەیامی میدیایی.

ج – دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی بنەما و توخمەکانی گرافیک دیزاین لە کارە گرافیکییەکانی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی.

د – دەرخستنی ئاستی کارە گرافیکیەکانی دیجیتاڵ میدیای (ئێن ئاڕ تی)، لە ئاستی کارە گرافیکیەکانی دیجیتاڵ میدیا کوردیەکانی دیکەو دیجیتاڵ میدیا جیهانییەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## چوارەم: تیۆری پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ئەم تیۆریە بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لەسەرەتادا تیۆری پشت بەستن بریتیبوە لەنامەی توێژینەوەیەکی (ساندرا بال ڕوکیتش) بەناوی (چەمکی زانیارییەکان) لەساڵی (١٩٤٧)دا دواتر گۆڕدرا بۆ ڕێکخراوە، کۆمەڵە، دامەزراوە و سەرچاوەی زانیارییە دەگمەنەکان. ساڵی ١٩٧٦ (ملفین دیفلەرو ساندرا بال ڕوکیتش) بنەمایەکی سەرەتاییان لەسەر ئەم تیۆرییە پێشکەشکرد، ئەویش بەپێناسەکردنی کردەی پشتبەستن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە "بریتییە لەو پەیوەندییەی کە توانای جەماوەر بۆ پێکانی ئامانجەکان دیاریدەکات، ئەمەش لەمەڕ ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەیگوازنەوە. جەماوەر وەک کرۆکی پراکتیزە کراوی تیۆرییەکە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاشنای زانیاری و هەواڵ و ڕوداو و بابەت و کێشەی جۆراوجۆری نێو سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بێت، چونکە ئەم تیۆرە لەگەڵ جەنجاڵی ژیان لەکۆمەڵگەکاندا لەبارەی گەیشتن بەزانیاری و ئاڕاستەکانی کۆمەڵگە بەهێزتر بوە.

## پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، ئامانج لێی کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بە تەوەرەکانی بابەتی توێژینەوەکە، واتە (گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی) و دیاریکردنی چۆنایەتی و چەندایەتی پەیوەندییەکانی نێوانیان و تاوتوێکردنیانە و لەوێوە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕای مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەرانی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بەو کاریگەرییانەی گرافیک دیزاین لە خستنەڕوی پەیامە میدیاییەکان دەیبینێت. هاوکات بۆ تاوتوێکردنی لایەنە کردەنییەکەی، پشت بەڕێکاری سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بەستراوە لەڕێی ئامرازی (ڕاپرسی)وە بەرجەستەکراوە.

## شەشەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی ئەم توێژینەوە بریتییە لە مامۆستایانی میدیای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران لە هەرێمی کوردستان، کە بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراون کە (٢٠٠) فۆرم دابەشکراوە و (١٧٩) فۆرم گەڕاونەتەوە. کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی توێژەر مەبەستی ئەوەبوە زیاتر پەیوەندییەکان بدۆزێتەوە لە نێوان گۆڕاوەکاندا، نزیکترین و بچوکترین پەیوەندی یان جیاوازی فەرامۆش نەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## حەوتەم: توێژینەوەکانی پێشو و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە

### یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان:

١. توێژینەوەی تێزی دکتۆرای **ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین** (کاریگەریی نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران، توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) بەنمونە لەماوەی (٢٠١٦/١/١ – ٢٠١٧/١٢/٣١) زانکۆی سەلاحەدین بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٨.

### دوەم: توێژینەوە عەرەبییەکان:

١. توێژینەوەی **أيمن محمد إبراهيم بريك**، (توظيف الإنفوجراف في التعريف بمبادئ وثيقة الأخوة الإنسانية عبر مواقع التواصل الاجتماعي).

٢. توێژینەوەی **عبد الرزاق الدليمي; سناء محمد الأسعد**، بە ناونیشانی (دور التصميم الجرافيكي – في تحديد نسبة المشاهدة لمواقع الإنترنت الأردنية من وجهة نظر طلبة الجامعات الأردنية).

٣. توێژینەوەی **منى عبد الجليل**، (أثر استخدام فيديو الموشن جرافيك كأداة لتسويق الخدمات على المعاجلة المعرفية للمعلومات لدى المتلقى)

٤. توێژینەوەی **نسرين محمد خير المجذوب** (فاعلية التصميم الجرافيكي المتحرك عبر وسائل التواصل الاجتماعي في الحملات الإعلانية داخل الأردن).

٥. توێژینەوەی **نادين علمي سليمان أبوعميرة** (درجة الاستفادة من التصميم الجرافيكي البيئي بجامعة الشرق الأوسط).

٦. توێژینەوەی **حسن علي الحرايزه** بە ناونیشانی (مدى تأثير التصميم الجرافيكي البيئي على الإعلانات التجارية في الأردن).

### سێیەم: توێژینەوە فارسییەکان:

١. توێژینەوەی **محمد جواد محسن زاده**، بە ناونیشانی: (توليد محتوا و ارتباطات گرافيكی (كاربرد ارتباطات گرافيكی در توليد دانش ڕوابط عمومی ها) دانشگاه آزاد اسلامي، واحد تهران مركزي – ٢٠١٥.

٢. توێژینەوەی **زكيه ڕضايی**، بە ناونیشانی (نقش تايپوگرافی در موشن گرافيک های دوبعدی مذهبی پس از انقلاب اسلامی ايران).

٣. توێژینەوەی توێژەران، **ڕضا سربخش، حسين ميرزاپور، رئوف سربخش**، بە ناونیشانی (ظرفيت‌های بيانی گرافيک متحرک در پيام‌های بازرگانی شبكه های سيما).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## باسی دوەم: گرافیک دیزاین

### یەکەم: چەمک و پێناسەی گرافیک دیزاین

گرافیک دیزاین، هونەرێک و پیشەیەکە لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی توخمە بینراوەکان، وەک فۆنتەکان، وێنەکان، هێما گرافیکیەکان و ڕەنگەکان، بۆ گەیاندنی پەیامێکە بۆ وەرگر.

یاخود، پرۆسەی دوبارە ڕێکخستن و داڕشتنی بیرۆکەی دیاریکراوە بۆئەوەی ببێتە چارەسەرێک بۆکێشەیەک، هونەری تێکەڵاوکردنی دەق و گرافییکەکانە بۆ گەیاندنی پەیامی کاریگەر بۆ بینەری ئامانجدار لەڕێگەی هەرجۆرە پەیوەندیەکی بینراوەوە (Philip & Alston, 2006 , p9 ).

نەخشەسازی لەزمانی کوردیدا چەندین واتای جیاواز دەگەیەنێت هەروەک: پرۆسەی ڕێکخستنی توخمەکان (هێڵ، شێوە) بە ئامانجی گەیشتن بە پێکهاتەیەک کە سەرنجڕاکێش بێت و کاریگەری دروستبکات. (واتە هونەری دروستکردنی شتێک).

کارێکی تەواوکراو، بە واتای بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەک یان واتایەک، کە بە چەندین قۆناغی هێڵکاری و شێوەکاری بنەڕەتیدا تێپەڕیوە. (حەمەئەمین، ٢٠١٣، ل٣٦).

گرافیک دیزاین، ئەناسرێ بەوەی کە هونەرو مەشقی پلاندانان و دروستکردنی بیرۆکە وەردەگێڕێ بۆ شتێکی بینراو ڕەسم یان بڕیار یان نوسراو. ( Cezzar, 2017, p13).

گرافیک دیزاین، بە دوبارە ڕێکخستنەوەی بیرۆکە و داڕشتنی دەناسرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک بنەما بە بەکارهێنانی توخمی دیزاینی داهێنەرانەو کاری هونەری پەیوەندی بینراو. (Armstrong, 2009, p10)

کەواتە دەتوانین بڵێین، گرافیک دیزاین، ئەو هونەر و ئامڕازە گرنگەیە، لەڕێگەی بەکارهێنانی توخمەکانی(هێڵ، ڕەنگ، شێوە، وێنە، تایپۆگرافی) و پیادەکردنی بنەماکانی (هاوسەنگی، دوبارەبونەوە، نزیکایەتی، ڕێکخستن، جیاوازی) بۆ گەیاندنی پەیامەکانمان لە گشت بوارەکاندا سودی لێوەربگرین.

### دوەم: مێژوی گرافیک دیزاین:

گرافیک دیزاین مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبونی مرۆڤ و درککردنی بەوەی لە ڕێگەی هێماکانەوە پەیامەکانی بگەیەنێتە دەوروبەر، کۆنترین سەرچاوەی مێژویی گرافیک دیزاین، دەگەڕێتەوە بۆ دەروازەی ئەشکەوتی لاسکۆ لە باشوری ڕۆژئاوای فەرەنسا کە سەرجەم دیوارەکانی ڕوپۆشکراوە بە وێنەی ئاژەڵ کە مێژوی نەخشاندنی ئەو وێنانە بۆ نزیکەی ١٧٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا مەزەندەکراوە. (Philip & Alston, 2006 , p6). بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (١)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

وێنەی (١)




چەند وێنەیەکی گرافیک دیزاین کە لەناو ئەشکەوتی لاسکۆ بەر لە نزیکەی 17000 پێش ئێستا کێشراون

گۆڕانکاری لە نیگار بۆ سیمبول، لە سیمبول بۆ پیت دیار نییە لە چی سەردەمێک بوبێت، بەڵام ئەوەی تا ئەمڕۆ لەلای زانایان ئاشکرایە، یەکەمجار نوسین لەلای سۆمەرییەکانەوە بەکارهاتوە. (سەپان، ٢٠٠٨،ل١٥٩)

هەر بە گوێرەی سەرچاوەکان، سۆمەرییەکان بۆ یەکەمینجار توانیویانە لەسەر تاشە قوڕەکان، لەڕێگەی شێوازی ئایکۆنی (لۆگارتمی) پەیامەکانیان بگەیەنن ئەوەش بە یەکەمین هونەری تایپۆگرافی دادەنرێت. (العربی،٢٠٠٥، ص٨) بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٢)


وێنەی (٢)



چەند وێنەیەکی گرافیک دیزاین کە بەر لە 3000 ساڵ پێش زاین لەلایەن سۆمەرییەکانەوە کێشراون

بەرەوپێشچون لە هونەری گرافیک دیزایندا بەردەوام بو لە گەشەسەندن، زمانی میسماری سۆمەرییەکان هێندە پێشکەوتوبو، کە لەلایەن بابلییەکانیش لە ساڵی ١٧٢٠ی پ.ز بەکارهێنراوە، هەمان زمان لەو کاتەدا لە هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکارهێنراوە. (سەپان، ٢٠٠٨،ل١٥٩) بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٣)

وێنەی (٣)




وێنەی ئەو سێ هێمایەی کە لە نێوان ساڵانی 1481 تا 1494 بەکارهێنراون




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

لە ساڵی ١٦٢٠کاندا یەکەمین ڕیکلام کە وێنەی چاپکراوی تێدابوە بڵاوکراوەتەوە کە چاپێکی ڕۆژنامەوانی بوە. ئەو گەشەسەندنە بەردەوام بوە تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٨٣٧ی زاینی، داهێنانی چاپەمەنی چوە قۆناغێکی نوێوە و توانرا چاپی ڕەنگاوڕەنگ بۆ تابلۆکانی دیکۆری ناو ماڵ سودی لێوەربگیرێت.

داهێنانی فۆتۆگرافی و گرتنی یەکەمین وێنە لەلایەن جۆسێف نیپی لەساڵی ١٨٢٦ هاوکارێکی گرنگی گەشەسەندنی گرافیک دیزاین بو.(Philip & Alston,1992,p143).

پاشانیش دۆزینەوەی وێنەی جوڵاو لەلایەن ئیدوارد مویبریج لە ساڵی ١٨٧٨ کە تیایدا ١٢ کامێرای دانا و توانی وێنەی جوڵەی ئەسپێک لە کات و بۆشایی جیاوازدا بگرێت و دوای لێکدانی وێنەکان بینیان جوڵە دروستبو، ئەوەش بە یەکێک لە هەنگاوەکانی گرافیکی جوڵاو دادەنرێت کە هونەری گرافیک دیزاینی بردە قۆناغێکی نوێوە.(Philip & Alston, 1992 ,p153). بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٤)

وێنەی (٤)



داهێنانی فۆتۆگرافی و پاشان دۆزینەوەی وێنەی جوڵاو

## بەکارهێنانی زاراوەی گرافیک دیزاین بۆ یەکەمینجار:

لە وتارێکدا ویلیام ئەدیسۆن دویگینز لە ساڵی ١٩٢٢ وشەی گرافیک دیزاینی وەک تیۆرێک بەکارهێنا، جۆری دیزاینەکانی دویگینز زیاتر بۆ کتێب و نامە و تایپۆگرافی و خۆشنوسی بون، ساڵی ١٩٢٨ کتێبی 'چنین لە ڕیکلام'دا نوسی و بڵاویکردەوە کە لەو کاتەدا، بە دەقی ژێدەر بۆ بوارەکە دادەنرا.( Kennett،٢٠١٩ )

گەشەی گرافیک دیزاین وردە وردە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا لە تەواوی جیهان چوە قۆناغێکی نوێوە، واتە گرافیک دیزاین لە سەردەمی مۆدێرنەوە چوە پۆست مۆدێرنەوە، ئەوەشی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لەو گەشەسەندنەدا دەیان کەسن، بەڵام بیرۆکەکانی پۆل ڕاندی ئەمریکی سەبارەت بە گرافیک دیزاین بە پێشەنگی ئەو قۆناغە دادەنرێت و بە باوکی گرافیک دیزاین ناسراوە، ناوبراو بەوە ناسراوە کە باشترین شێوەی لۆگۆی بۆ کۆمپانیا بەناوبانگەکان دروستکردوە، ( IBM, UPS, Enron, Morningstar, Inc., Westinghouse, ABC, NeXT) یەکێک بو لە یەکەمین هونەرمەندانی بازرگانی ئەمریکی کە شێوازی هێڵکاری سویسی لە باوەش بگرێت و پراکتیزەی بکات https://www.famousgraphicdesigners.org/paul-rand بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

وێنەی (٥)



بەشێک لەو لۆگۆیانەی پۆل راند کێشاوی

پۆل راند

ویلیام ئەدیسۆن دویگینز

## سێیەم: توخمەکانی گرافیک دیزاین:

گرافیک دیزاین ڕووبەرێکی زۆر فراوانی هەیە و ئەرکی تەواوکردنی هەر کارێکی گرافیک دیزاین ئاسان نییە. گرفیک دیزاینەر، جگە لەو کارامەیی کە دەبێت بەدەستی بهێنێت، کۆمەڵێک توخم لە گرافیک دیزاین هەن، گرافیک دیزاینەر ناچاردەکەن بێ چەند و چون بەکاریان بهێنێت.

هەر بۆیە بۆ باشتر تێگەیشتن لە مانای گرافیک دیزاین، گرنگە ئاگاداری ئەو توخمانە بین کە دیزاین دروست دەکەن. توخمەکان بەکاردەهێنرێ لە پەیوەندی یان دژایەتی یەکتر بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی بینراوی سەرنجراکێش و کاریگەر.

بێگومان بەکارهێنانی توخمەکانی گرافیک دیزاین، لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە دەبێت کە لە باسی چوارەم باسیان دەکەین، گرنگترین توخمەکانی گرافیک دیزاین بریتین لە:

### یەکەم: هێڵ (Line):

هێڵەکان یەکێکن لە توخمە گرنگەکانی گرافیک دیزاین، کە خۆیان لە چەندین جۆری جیاوازدا دەبیننەوە و زۆرکات تەنها هێڵەکان خۆیان دەتوانن پەیامێکی گرنگ بگەیەنن، بۆ نمونە دەکرێت ناردنی هێڵێک لە شێوەی تیردا ڕوە و بازنەیەک پەیامی تایبەت بگەیەنێت.

هێڵەکان کاریگەری بینراو و دوبارەبونەوە جیاوازەکان دروست دەکەن، لە کاتێکدا کە هێڵی ئەستور، تۆخ سەرنج ڕادەکێشێت بەهۆی هێزی بینراوی، هێڵی باریک کاریگەری جیاوازی پێچەوانەی هەیە.(VASILE,2018)

هێڵەکان جۆریان زۆرە، وەک چۆن زۆر کات بۆ بابەتی جوانکاری بەکاردەهێنرێن، هەندێک جار و بەپێی جۆری دیزاینەکە بۆ واتا و مەبەستێکی تایبەت سودیان لێوەردەگیرێت.

(هلێی باریک، هێڵی ئەستور، هێڵی پێچاوپێچ، ڕاستەهێڵ (ستونی، ئاسۆیی)، هێڵی چەماوە، هێڵی لار، هێڵی پاتێرن، هێڵی زیگزاک) (عومەر، ٢٠٢٠، ل٨٦-٨٨). بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

وێنەی (٦)



بەشێک لە جۆرەکانی هێڵ

### دووەم: ڕەنگ (Color):

ڕەنگ یەکێکە لەو توخمانەی کە بەتایبەتی گرنگە لە ڕاکێشانی سەرنجدا، چونکە سایکۆلۆژیایەک لە پشت ئەو هەستانەی کە ڕەنگ دەتوانێت بیزوێنێت هەیە. سێ تایبەتمەندی سەرەکی هەیە بۆ ڕەنگ: ڕەنگ (خێزانی ڕەنگ)، بەها (چەند کاڵ یان تاریک ڕەنگ بێت)، و تێربون (پاکی ڕەنگ).

ڕەنگ مادەیەکی زیندوە کە ڕۆحێکی جودا دەبەخشێتە شێوە و هێڵ و خاڵ، لە دەروندا ڕاو فرە هەستی جیاواز دەوروژێنێت، هەندێجار ڕەنگ ئەوەی قۆستوەتەوە کە ماناو هێما دەبەخشێت.

ڕەنگ ڕۆحیەتێکی جوانتر دەبەخشێتە وێنە فۆتۆگرافییەکان، زانیاری نوێی پێدەبەخشێت و وا لەوێنەکە دەکات زیاتر ڕاستگۆیی و حەزی پێوە دیاربێت (اللبان، ٢٠٠١، ص٦٣) و وادەکات توخمی وێنەکەو بڵاوکراوەکەش زیاتر کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێت. (النجار، ٢٠٠١، ص٢٧١).

ئەگەر هەر جۆرە دیزاینێکت ئەنجامداوە، هیچ نەبێت پێویستە کەمێک دەربارەی دەرونی ڕەنگەکان بزانیت لە ڕوی ئەو پەیوەستیانەی کە لەنێوان ڕەنگ و هەستدا دروستیان دەکەن. (Kramer,2020)

### سێیەم: شێوە (Shape):

یەکێکی دیکەن لە توخمە بنچینەییەکانی گرافیک دیزاین، شێوەکان بە زۆری تێکەڵکراون، هێڵەکانن و فۆرمی تایبەت بە خۆیان وەرگرتوە، دەکرێت بازنە، چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە یان هەر شێوە ئەبستراکتێکی تر لە گرافیک دیزاینەکاندا بەکاربهێنرێن، زۆرجار بەپێی وڵاتانی جیاواز، بەکارهێنانی ئەو شێوانە جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە هێمای پەڕینەوەی پیادە لە ئەمریکا سێ گۆشەیە بەڵام لە ئەرجەنتین بازنەیە لە هەردو وڵاتەکەش سود لە شێوەکان وەرگیراوە.(pettersson,2015,p223)

### چوارەم: خامە یان شێوەی چنراو (Texture):

شێوەی چنراو ئەو شێوەیەیە کە بە ڕوکەش هەستی پێدەکەین، بەکاردێت بۆ دروستکردنی ماددەیەکی بینراو و دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێوەو هەست دروست بکات و وەک پارچەیەک لە کاری گرافیک دیزاین سودی لێدەبینرێت، هەروەها بۆ سەرنج ڕاکێشان یان دەربڕینی ئارەزو بۆ توخمێک بەکاردێت لە دیزایندا، دو جۆری شێوەی چنراو هەیە: شێوەی چنراوی وێنە و شێوەی چنراوی نمونەیی.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

خامەی وێنەیی (Image Texture): ئەم جۆرە خامەیە شێوەیەکی نارێک و هەڕەمەکی هەیە و زۆربەی جار لە سروشت و ماددەی ئەندامی وەردەگیرێت و لە تەنێکی نارێک و جۆراوجۆر و قەبارە جیاواز پێکدێت.(عومەر، ٢٠٢٠، ل٩٣)

خامەی نمونەیی(Pattern texture): ئەم جۆرە خامەیە شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە و بەشێوەی قاڵبی دروستکراو دەردەکەون، تەنەکە لەم جۆرەی خامەدا لە قەبارە و شێوە و بۆشاییدا چونیەکە و بەباری ئاسۆیی یان ستونیدا دوبارە دەکرێتەوە. (David,2020). بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٧)

وێنەی (٧)





## پێنجەم: بۆشایی (Space):

بۆشایی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دیزاین، لەم دواییانەدا بەکارهێنانی بۆشایی لە دیزایندا ڕوی لە زیادبون کردوە، بەتایبەت بۆشایی سپی کە ڕێگە بەچاو دەدات بە ئاسانی بابەت بخوێنێتەوە، بونی بۆشایی، کرانەوە و ڕوناکی دەداتە دیزاین و دوری دەخاتەوە لە دیزاینی کۆن و بێ کوالێتی.

بۆشایی جەوهەرێکی بینراو و دینامیکی پێکهاتەیەک دروست دەکات. لە دیزایندا دو جۆر بۆشایی هەیە: بۆشایی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و بۆشایی نەرێنی (نێگەتیڤ). بۆشایی ئیجابی دەکرێت وەک دو دوری یان سێ دوری هەستی پێ بکرێت. (عومەر،٢٠٢٠، ل٩٥)

بۆشایی ئەرێنی: ئاماژەیە بۆ شێوەی ماددەکان. بە زۆری ئاماژە بە هەر شتێک دەکات کە بە سەرەکیترین بابەتی جیابایەخی لاپەڕەکە دادەنرێن. بڕوانە وێنە گرافیکییەکان وێنەی (٨)

وێنەی (٨)





Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## شەشەم: تایپۆگرافی (typography):

یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی گرافیک دیزاین کە زۆر کات فەرامۆشدەکرێت لەلایەن هەندێک لە گرافیک دیزاینەرانەوە، تایپۆگرافییە، تایپۆگرافی ئەو ڕێگایەیە کە تۆ هەڵیدەبژێریت بۆ دانانی دەق لە دیزاینێک، بە قەبارە و شێواز و دەرکەوتنی گشتی.

یەکەم بنەمای گرنگی تایپۆگرافی، جۆرە پیتەکان و فۆنتەکانن. ئەو جۆرە پیت و فۆنتانەی کە بۆ دیزاینەکەت هەڵیدەبژێری دەتوانێت کاریگەری زۆر گەورە لەسەر هەمو شێوە و هەستەکان دروست بکات، و گرنگە تۆ لە جۆرەکانی فۆنتە جیاوازەکان تێبگەیت کە چۆن دەتوانن شێوەی دیزاینەکەت بگۆڕن.

لەکاتی هەڵبژاردنی فۆنتەکان، گرنگە ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە دەتەوێت چ پەیامێک بنێریت لەگەڵ دیزاینەکەت. (Samara,2007,p121-130)








چەند شێوازێکی گرافیک دیزاین کە سود لە توخمی تایپۆگرافی بینراوە تیایاندا

## حەوتەم: قەبارە (Size):

پلانی جێبەجێکردنی گرافیک دیزاین بەشێوەیەکی فراوان پشت دەبەستێت بە قەبارە، لە دیزایندا قەبارە وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگی و سەرنج ڕاکێشان بەکاردێت، قەبارەی جیاواز لە هەمان گرافیک دیزاین پلەبەندییەکی لێهاتویی دروستدەکات. دەتوانێت بە بەکارهێنانی قەبارەی جیاواز، بایەخی بینراو لە دیزاینێک دروست بکەیت و ڕێنمایی چاوی بینەر بکەیت بۆ ئەو ئاراستەیەی کە دەتەوێت بڕوات. (Bernabi,2015)

## هەشتەم: وێنە (Image):

وێنە لەیەک کاتدا کار لەسەر چەند ئاستێک دەکات: بوار بۆ پەیوەندی دیزاینەرێک دابین دەکات، دراما یان کاری پێویست زیاد دەکات، و میزاجێکی گشتی دروست دەکات.

کاتێک لە کارەکەتدا وێنەت پێویست دەبێت، گرنگە وێنەیەک بدۆزیتەوە کە چیرۆکی ڕاست بڵێت و بەرژەوەندی بینین زیاد بکات.

ڕەنگە وێنەکان کاریگەرترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بن ئەگەر بە هزرەوە بتوانن هێزەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەکاربهێنن، چونکە کارەکانتان زیاتر لەوەی کە بیری لێدەکەنەوە دەگوازێتەوە. (Sivewright,2021)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# باسی سێیەم: لایەنی مەیدانی

## خشتەی یەکەم: تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوە

| گۆڕاو | ڕەگەز | دوبارەبونەوە | % | کۆی گشتی | | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٣٨ | 77.1 | ١٧٩ | | %١٠٠ |
| | مێ | ٤١ | 22.9 | | | |
| **گۆڕاو** | **تەمەن** | **ژمارە** | **%** | **کۆی گشتی** | **ناوەندین** | **%** |
| تەمەن | ١٥-٣٥ | 99 | 55.3 | ١٧٩ | ٣٤,٣٩٢ | ١٠٠ |
| | ٣٥-٥٥ | 70 | 39.1 | | | |
| | ٥٥-٧٥ | 10 | 5.6 | | | |
| گۆڕاو | **شوێنی نیشتەجێبون** | **ژمارە** | **%** | **کۆی گشتی** | | **%** |
| شوێنی نیشتەجێبون | سلێمانی | 101 | 56.4 | ١٧٩ | | ١٠٠ |
| | هەولێر | 58 | 32.4 | | | |
| | دهۆک | 14 | 7.8 | | | |
| | هەڵەبجە | 6 | 3.4 | | | |
| گۆڕاو | **بڕوانامە** | **ژمارە** | **%** | **کۆی گشتی** | | **%** |
| بڕوانامە | سەرەتایی تا ئامادە یی | 50 | 27.9 | ١٧٩ | | ١٠٠ % |
| | دبلۆم و بە کالۆریۆس | 47 | 26.3 | | | |
| | ماستەرو دکتۆرا | 82 | 45.8 | | | |
| گۆڕاو | **پیشە** | **ژمارە** | **%** | **کۆی گشتی** | | **%** |
| **پیشە** | مامۆستای میدیا | 82 | 45.8 | ١٧٩ | | ١٠٠ % |
| | ڕۆژنامەنوس | 53 | 29.6 | | | |
| | گرافیک دیزاینەر | 44 | 24.6 | | | |

بەپێی خشتەی (١) دەرکەوت کە (%77.1) ڕەگەزی نێر و (%٢٢,٩) مێن، وەڵامی پێوەرەکانی توێژینەوەکانیان داوەتەوە. بەپێی هەمان خشتەی بە تەمەنی یەکەکانی نمونەکە، دەرکەوتوە لە ناو ئاستەکاندا زۆرینەی ڕێژەکە بەر ئاستی (١٥-٣٥) ساڵی کەوتوە، (٥٥,٣٪)، دوای ئەو ئاستی (٣٥-٥٥) ساڵی دێت، بە ڕێژەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

(٣٩,١٪)، هەروەها ئاستی (٥٥-٧٥) ساڵ بە ڕێژەی (5.6٪)، نمونەی وەرگیراو پێکدێنن و ناوەندینی تەمەنی یەکەکان بریتییە لە (٣٤,٣٩٢) ساڵ. لەهەمان خشتەی کە (٥٦,٤%) یەکەکان لەشاری سلێمانی دادەنیشن و (٣٢,٤٪) لە هەولێر و (٧,٨%) لە دهۆک و (3.4%) لە هەڵەبجە. لەهەمان خشتەدا کە (٢٧,٩%) یەکەکان بڕوانامەی سەرەتایی تا ئامادەیی و (٢٦,٣%) دبلۆم و بەکالۆریۆس و (45.8%) ماستەر و دکتۆرا هەیە. هەروەها (٤٥,٨%) مامۆستای میدیا و (٢٩,٦%) ڕۆژنامەنوس و (٢٤,٦%) گرافیک دیزاینەرن.

**خشتەی دوەم: ئایا سەیری دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان دەکەیت؟**

| ژ | سەیری دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | 75 | 41.9 |
| ٢ | تاڕادەیەک | 77 | 43.0 |
| ٣ | کەم | 27 | 15.1 |
| **کۆی گشتی** | | ١٧٩ | 100.0 |
| **ناوەندی ژمێرەیی** | | 1.7318 | |
| **لادانی پێوەری** | | ٠.70762 | |
| **ناوەندی سەنگکراو** | | ٢,٠٣٦ | |

سەبارەت بە خشتەی (٢)، ئایا سەیری دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان دەکەیت؟ بۆمان دەردەکەوێت تاڕادەیەک بەدوبارەبونەوە (٧٧) و بە ڕێژەی (٤٣%)ی نمونەی توێژینەوەکەن بە پلەی یەکەم دێت، ئەوانەی پێیان وایە (زۆر) (٧٥)ە بە ڕێژەی لە (٤١,٩%) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە (کەم) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (٢٧) بەڕێژەی (١٥,١%). ناوەندی ژمێرەیی (1.7318) و لادانی پێوەری (٠.70762) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٠٣٦) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە ڕێژەیەکی زۆر سەیری دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان دەکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی سێیەم: لەپاڵ دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان لە پێناو وەرگرتنی زانیاری پەنا بۆ کام لەم دیجیتاڵ میدیایانە دەبەیت؟**

| ژ | لەپاڵ دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان لە پێناو وەرگرتنی زانیاری پەنا بۆ کام لەم دیجیتاڵ میدیایانە دەبەیت | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | عێراقییەکان | 52 | 21.1 |
| ٢ | ناوچەییەکان | 32 | 13.0 |
| ٣ | بیانییەکان | 72 | 29.1 |
| | عەرەبییەکان | 61 | 24.7 |
| | هیچیان | 30 | 12.1 |
| **کۆی گشتی** | | 247 | 100.0 |
| **ناوەندی ژمێرەیی** | | 2.9393 | |
| **لادانی پێوەری** | | 1.30678 | |
| **ناوەندی سەنگکراو** | | ٢,٣٧٨ | |

لە خشتەی (٣)دا سەبارەت بەپرسیاری (لە پاڵ دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان لە پێناو وەرگرتنی زانیاری پەنا بۆ کام لەم دیجیتاڵ میدیایانە دەبەیت؟) دەردەکەوێت بژاردەی (بیانییەکان) بە پلەی یەکەم هاتوە و بە دوبارەبونەوەی (٧٢) و بەڕێژەی (٢٩,١%)، بژاردەی (عەرەبییەکان) بە پلەی دوەم هاتوە و بە دوبارەبونەوەی (٦١) و بەڕێژەی (٢٤,٧%)، بژاردەی (عێراقییەکان) بە پلەی سێیەم هاتوە و بە دوبارەبونەوەی (٥٢) و بەڕێژەی (٢١,١%)، بژاردەی (ناوچەییەکان) بە پلەی چوارەم هاتوە و بە دوبارەبونەوەی (٣٢) و بەڕێژەی (١٣%)، کۆتا بژاردەی (هیچیان) بە دوبارەبونەوەی (٣٠) و بەڕێژەی (١٢,١%) هاتوە. ناوەندی ژمێرەیی (2.9393) و لادانی پێوەری (1.30678) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٣٧٨) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە ئەوانەی زیاتر سەیری دیجیتاڵ میدیا بیانییەکان دەکەن لە پێناو وەرگرتنی زانیاری.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی چوارەم: ڕۆژانە چەند کاتژمێر سەیری دیجیتاڵ میدیا دەکەیت ؟**

| ژ | کاتژمێر سەیرکردنی دیجیتاڵ میدیا | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | کەمتر لە کاتژمێرێک | 69 | 38.5 |
| ٢ | لە (١ بۆ ٢) کاتژمێر | 62 | 34.6 |
| ٣ | لە (٣ بۆ ٤) کاتژمێر | 21 | 11.7 |
| | لە 4 کاتژمێر بۆ سەرەوە | 27 | 15.1 |
| **کۆی گشتی** | | ١٧٩ | 100.0 |
| **ناوەندی ژمێرەیی** | | 2.0335 | |
| **لادانی پێوەری** | | 1.05415 | |
| **ناوەندی سەنگکراو** | | ٢,٥٢٨ | |

سەبارەت بە خشتەی (٤)، ڕۆژانە چەند کاتژمێر سەیری دیجیتاڵ میدیا دەکەیت؟ بۆمان دەردەکەوێت بژاردەی (کەمتر لە کاتژمێرێک) بەدوبارەبونەوە (٦٩) و بەرێژەی (%٣٨,٥)ی نمونەی توێژینەوەکەن بەپلەی یەکەم دێت، ئەوانەی پێیان وایە (٢-١ کاتژمێر) بەدوبارەبونەوەی (٦٢)ە بەرێژەی لە (%٣٤,٦) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە (لە ٤ کاتژمێر بەرەوسەرەوە) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (٢٧) بەرێژەی (%١٥,١) و کۆتا پلە ئەوانەی کە بە (٤-٣ کاتژمێر) و دوبارەبونەوەی (٢١) بەرێژەی (%١١,٧) هاتون. ناوەندی ژمێرەیی (2.0335) و لادانی پێوەری (1.05415) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٥٢٨) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە ئەوانەی زیاتر سەیری دیجیتاڵ میدیا دەکەن کەمتر لە کاتژمێرێکە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سامپڵی توێژینەوەکە زۆربەیان کاری تر دەکەن و کاتیان کەمە بۆ سەیرکردنی دیجیتاڵ میدیا.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی پێنجەم: ئەو هۆکارانە چین کە وادەکات زیاتر سەیری دیجیتاڵ میدیا بکەیت. دەتوانیت لە وەڵامێک زیاتر هەڵبژێریت**

| ژ | هۆکار زیاتر سەیری دیجیتاڵ میدیا چیە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری تایبەتی | 56 | 15.4 |
| ٢ | بۆ ئاگاداربون لەڕوداو و گۆڕانکارییەکان | 111 | 30.5 |
| ٣ | بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە هاوولاتیان | 20 | 5.5 |
| ٤ | بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گشتی | 47 | 12.9 |
| ٥ | بەمەبەستی کات بەسەربردن | 20 | 5.5 |
| ٦ | هەمەجۆری بابەتەکانی دیجیتاڵ میدیا | 23 | 6.3 |
| ٧ | ئاسان دەست گەیشتن بە زانیارییەکان | 40 | 11.0 |
| ٨ | خێرا لە گواستنەوەی زانیارییەکان | 47 | 12.9 |
| | **کۆی گشتی** | 364 | 100.0 |
| | **ناوەندی ژمێرەیی** | 3.9011 | |
| | **لادانی پێوەری** | 2.45535 | |
| | **ناوەندی سەنگکراو** | ٢,٠٤٦ | |

بەسەرنجدان لە خشتەی (٥)، ئەو هۆکارانە چین کە وادەکات زیاتر سەیری دیجیتاڵ میدیا بکەیت. دەتوانیت لە وەڵامێک زیاتر هەڵبژێریت؟ بۆمان دەردەکەوێت بژاردەی (بۆ ئاگاداربون لەڕوداو و گۆڕانکارییەکان) بەدوبارەبونەوە (١١١) و بەڕێژەی (٣٠,٥%)ی نمونەی توێژینەوەکەن بە پلەی یەکەم دێت، ئەوانەی پێیان وایە (بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری تایبەتی) (٥٦)ە بەڕێژەی لە (١٥,٤%) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە (بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گشتی و خێرا لە گواستنەوەی زانیارییەکان) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (٤٧) بە ڕێژەی (١٢,٩%) و ئەوانەی بە (هەمەجۆری بابەتەکانی دیجیتاڵ میدیا) بە دوبارەبونەوی (٤٠) و بەڕێژەی (١١%) لە پلەی چوارەمن و ئەوانەی بە (هەمەجۆری بابەتەکانی دیجیتاڵ میدیا) بە دوبارەبونەوی (٢٣) و بەڕێژەی (٦,٣%) لە پلەی پێنجەم و کۆتاپلەش ئەوانەی بە (بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە هاوولاتیان و بەمەبەستی کات بەسەربردن) بەدوبارەبونەوەی (٢٠) بەڕێژەی (٥,٥%) هاتون. ناوەندی ژمێرەیی (3.9011) و لادانی پێوەری (2.45535) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٠٤٦) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کەوا زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە هۆکاری سەیرکردنی دیجیتاڵ میدیا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کەوا ئاگاداربون لەڕوداو و گۆڕانکارییەکانە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی شەشەم: پێتوایە دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی؟**

| ژ | دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | 22 | 12.3 |
| ٢ | تاڕادەیەک | 93 | 52.0 |
| ٣ | کەم | 64 | 35.8 |
| | **کۆی گشتی** | ١٧٩ | 100.0 |
| | **ناوەندی ژمێرەیی** | 2.2346 | |
| | **لادانی پێوەری** | ٠ .65405 | |
| | **ناوەندی سەنگکراو** | ٢,٥٧٥ | |

سەبارەت بە خشتەی (٦)، پێتوایە دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی؟ بۆمان دەردەکەوێت تاڕادەیەک بەدوبارەبونەوە (٩٣) و بە ڕێژەی (٥٢%)ی نمونەی توێژینەوەکەن بە پلەی یەکەم دێت، ئەوانەی پێیان وایە (کەم) (٦٤)ە بە ڕێژەی لە (٣٥,٨%) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە (زۆر) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (٢٢) بە ڕێژەی (١٢,٣%). ناوەندی ژمێرەیی (2.2346) و لادانی پێوەری (65405. ٠) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٥٧٥) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنە وەی ئاستی هۆشیاریی.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی حەوتەم: ئایا گرافیک دیزاین یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامە میدیاییە کوردییەکان؟**

| ژ | گرافیک دیزاین یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامە میدیاییە کوردییەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١١٥ | ٦٤,٢ |
| ٢ | تاڕادەیەک | ٥٢ | ٢٩,١ |
| ٣ | کەم | ١٢ | ٦,٧ |
| **کۆی گشتی** | | ١٧٩ | 100.0 |
| **ناوەندی ژمێرەیی** | 1.4358 | | |
| **لادانی پێوەری** | ٠.65347 | | |
| **ناوەندی سەنگکراو** | ١,٨٦ | | |

سەبارەت بە خشتەی (٧)، ئایا گرافیک دیزاین یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامە میدیاییە کوردییەکان؟ بۆمان دەردەکەوێت بژاردەی (زۆر) بەدووبارەبونەوە (١١٥) و بە ڕێژەی (٦٤,٢%)ی نمونەی توێژینەوەکەن بەپلەی یەکەم دێت، ئەوانەی پێیان وایە (تاڕادەیەک) (٥٢)ە بە ڕێژەی لە (٢٩,١%) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە ( کەم) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (١٢) بەڕێژەی (١٠%). ناوەندی ژمێرەیی (1.4358) و لادانی پێوەری (٠.65347 ) و ناوەندی سەنگکراو (١,٨٦) کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە گرافیک دیزاین یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامە میدیاییە کوردییەکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی هەشتەم: ئایا دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە توانیویانە بەشێوەیەکی گشتی بەهای بەرز پێشکەشبکەن؟**

| ژ | دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە توانیویانە بەشێوەیەکی گشتی بەهای بەرز پێشکەشبکەن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | 36 | 20.1 |
| ٢ | تاڕادەیەک | 121 | 67.6 |
| ٣ | کەم | 22 | 12.3 |
| | **کۆی گشتی** | ١٧٩ | 100.0 |
| | **ناوەندی ژمێرەیی** | 1.9218 | |
| | **لادانی پێوەری** | ٠.56541 | |
| | **ناوەندی سەنگکراو** | ٢,٦٠١ | |

سەبارەت بە خشتەی (٨)، ئایا دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە توانیویانە بەشێوەیەکی گشتی بەهای بەرز پێشکەشبکەن؟ بۆمان دەردەکەوێت بژاردەی (تاڕادەیەک) بەدوبارەبونەوە (١٢١) و بە ڕێژەی (٦٧,٦%)ی نمونەی توێژینەوەکەن بە پلەی دێت، ئەوانەی پێیان وایە (زۆر) (٣٦)ە بە ڕێژەی لە (٢٠,١%) بەپلەی دوەم هاتون و ئەوانەش کە بە ( کەم) وەڵامیان داوەتەوە بە پلەی سێیەم هاتون و بە دوبارەبونەوەی (٢٢) بە ڕێژەی (١٢,٣%). ناوەندی ژمێرەیی (1.9218) و لادانی پێوەری (٠.56541) و ناوەندی سەنگکراو (٢,٦٠١) کەواتە بە پێی ئەنجامی ئەم خشتەیە توێژەر ئەوەی بۆ ڕون دەبێتەوە، کە دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە توانیویانە بەشێوەیەکی گشتی بەهای بەرز پێشکەشبکەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

**خشتەی نۆیەم: پەیوەندی نێوان دو گۆڕاوی (گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا)**

| پەیوەندی نێوان گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| گۆڕاوەکان | ئامرازەکان | پەیامی میدیایی دیجیتاڵ |
| گرافیک دیزاین | ١ | |
| پەیامی میدیایی دیجیتاڵ | **٠,٤٧٢ | ١ |
| ** ئاستی ئاماری لە سەرو ٠,٠١<br>دەرکەوتوە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی دیجیتاڵ | | |

دوای ئەوەی لەبەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بەتایبەت لەباسی چوارەم بەوردی باسی پەیوەندی گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا لەسەر بنەمایەکی تیۆری خستەڕو، لێرەدا پێویست بە سەلماندنی ئەو پەیوەندییە لەڕوی مەیدانییەوە دیاربکرێت لەڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەکە، هەروەک لەناونیشانی نامەکە دیارە دو گۆڕاوی سەرەکیمان هەیە لەم توێژینەوەیەدا، یەکەمیان (گرافیک دیزاین) کە بەگۆڕاوی سەربەخۆ هەژماردەکرێت، لەگەڵ گۆڕاوی (پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا) کە بە گۆڕاوێکی پاشکۆ هەژمار دەکرێت، لێرەدا جۆری پەیوەندییەکە لە جۆری گونجاندن (توافق) بێت یاخود کارلێک بێت (سببی) بۆ ئامانجی ئەم توێژینەوە هەروەک یەکە، گرنگ لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە سەلماندنی بونی پەیوەندیەکەیە، دوای مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان کە ئەنجامی وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە بە ڕێگەی هاوکۆلکەی (پیرسۆن) بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندی هەیە لەنێوان هەردو گۆڕاو هەر وەک لە خشتەی (٣٦) دەرکەوتوە کە پەیوەندییەکە بە بەهای (٠,٤٧٢**) هەژمارکراوە، لەڕوی ئامارییەوە بەڵگەدارە بەئاستی (٠,٠١) بەم کارەش ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە هاتەدی و هەروەها بۆ زانینی کاریگەری گرافیک دیزاین و پەیامی میدیایی دیجیتاڵ میدیا لە دروستکردنی دەستەبژێران لەهەرێمی کوردستان بەرێگای دانانی چوار گریمانە دانراوە و بەشێوەیەکی پراکتیکی سەلمێنراوە ئەوانیش:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

# بەشی پێنجەم

## ئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیار و سەرچاوەکان

### یەکەم: ئەنجام

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی مشتەی توێژینەوەکە و خستنەڕوی بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگە و شێوازی شرۆڤەکاری و ئاماری، لێرەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە لەڕوی مەیدانییەوە پێیگەیشتوە دەخەینەڕو:

١. بەپێی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت زۆرینەی مامۆستایانی میدیای زانکۆکانی کوردستان و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران لە ڕەگەزی نێرن و زۆرینەشیان ڕۆژانە کەمتر لە کاتژمێرێک سەیری دیجیتاڵ میدیا دەکەن. خشتەی (١،٢،٤)

٢. زۆرینەی مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران، لەپاڵ دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان سەیری دیجیتاڵ میدیا بیانییەکان دەکەن، ئامانجیشیان وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداربونە لەڕوداو و گۆڕانکارییەکان. خشتەی (٣،٥).

٣. بەبڕوای زۆرینەی مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران، دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، سە رچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی، لە هەمانکاتدا ڕایانوایە کە گرافیک دیزاین یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان و هۆکارێکی باشە بۆ پێدانی زانیاری و ڕۆشنبیری. خشتەی (٦،٧،١١)

٤. گرافیک دیزاین وەک یەکێک لەکەرەستەکانی دیجیتاڵ میدیا، کاریگەری هەبوە لەسەر ڕونترکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان بۆ وەرگر، هەر ئەوەش وایکردوە کە مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران بۆچونیان وابێت دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە توانیویانە بەشێوەیەکی گشتی بەهای بەرز پێشکەشبکەن و کاریگەری لەسەر پەرۆشکردنی وەرگر لە وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان دروست بکەن. خشتەی (٨،٩،١٥).

٥. مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران ڕایانوایە دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، لەڕوی گرافیک دیزاینەوە، توانیویانە لەگەڵ دیجیتاڵ میدیا جیهانییەکاندا هەنگاو بنێن. خشتەی (١٠).

٦. دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان لە گرافیک دیزاینەکانیان ڕەچاوی هەمو ئاستەکانی تەمەنیان کردوە، بەڵام بەپێچەوانەوە نەیانتوانیوە ڕەچاوی هەمو دانیشتوان لە شار و لادێکان بکەن. خشتەی (١٢،١٣).

٧. بەبڕوای مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان، وێنەی کەسایەتی و حزبیەکانیان لە ڕێگەی هونەری گرافیک دیزاینەوە بۆ مەبەستی تایبەت شێواندوە. خشتەی (١٤).

٨. ئێن ئار تی توانیویەتی سود لە توخمەکانی گرافیک دیزاین وەربگرێت لە بەرهەمهێنانی کارە میدیاییەکانیدا، مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران بۆچونیان وایە کە گرافیک دیزاینەرانی ئێن ئارتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

لەڕێگەی (ڕەنگ، تایپۆگرافی، باکگراوند، فۆنت، بۆشایی، شێوە) بە ڕەچاوکردنی بنەمای هاوسەنگی توانیویانە کاریگەری لەسەر بینەرانیان دروست بکەن. خشتەی (١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢٣،٢٤،٢٥)

٩. مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران بۆچونیان وایە گرافیکی سێ ڕەهەندی لە دیجیتاڵ میدیای (ئێن ئارِ تی)، کاریگەری پەیامە میدیاییەکە زیاتر دەکات، لەهەمانکاتدا لەڕێگەی تیکەر و سیجی هەواڵەکانیان کەناڵەکە دەتوانێت کاریگەری بۆ گەیاندنی پەیامە میدیاییەکە دروست بکات. خشتەی (٢١،٢٢).

١٠. گرافیک دیزاین یەکێکە لەو هۆکارانەی لە دروستکردنی ڕیکلامدا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەو ڕوەشەوە دیجیتاڵ میدیای ئێن ئار تی توانیویەتی لە ڕیکلامەکانیدا سود لە گرافیک دیزاین وەربگرێت. خشتەی (٢٦)

١١. گرافیک دیزاین دەبێتە هۆی ڕونکردنەوە و ئاسان تێگەیشتن لە بابەتە ئاڵۆزە میدیاییەکان، دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارتیش بەرای بەرتوێژان توانیویەتی سود لەم کەرەستەیە وەربگرێت بۆ بەئاسانی پیشاندانی بابەتە ئاڵۆزەکان. خشتەی (٢٧)

١٢. دیجیتاڵ میدیای (ئێن ئارِ تی)، توانیویەتی لە کارە گرافیکیەکانیدا، ئیتیکی کاری ڕۆژنامەنوسی بپارێزێ، لە هەمانکاتدا کارە گرافیکییەکانی لە ئاستی کارە گرافیکیەکانی دیجیتاڵ میدیا کوردیی و جیهانییەکاندایە، ئەوەش بەبڕوای مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران. خشتەی(٢٨،٢٩،٣٠)

١٣. بەڕای مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران، ئێن ئارتی بە گرافیکەکانی توانیویەتی هەستی وەرگر بوروژێنێت سەبارەت بە ڕوداوەکان و کارلێکی زیاتری دروست کردوە لە نێوان نێرەر و وەرگر، هەر ئەوەشە وایکردەوە کاریگەری دروست بکات لەسەر وەرگر تا بڕوا بە پەیامە میدیاییەکان بکات. خشتەی (٣١،٣٢،٣٣).

١٤. کارە گرافیکیەکانی ئێن ئارتی یارمەتیدەرێکی باشی دەزگا میدیاییەکە بوە و لە کێبڕکێکانی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی سودی لەو کەرەستەیەی میدیا وەرگرتوە. خشتەی (٣٤)

١٥. زۆرینەی مامۆستایانی میدیا و ڕۆژنامەنوسان و گرافیک دیزاینەران، ڕایان وابوە، گرافیکەکانی ئێن ئارتی زیاتر لە بواری سیاسی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. خشتەی (٣٥)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## دووەم: ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:

### أ- ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١- دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان گرنگی زیاتر بە بەکارهێنانی هونەری گرافیک دیزاین بدەن.

٢- دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان لە دروستکردنی گرافیکەکانیان ڕەچاوی زیاتری هەمو ئاستەکانی تەمەن و پێگەی جوگرافی دانیشتوان بکەن.

٣- پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانکۆکان بۆ زیاتر ڕاگرتنی هاوسەنگی جێندەری، گرنگی بە هاتنە پێشەوەی ڕەگەزی مێینە بۆ ناو ناوەندە ئەکادیمییەکان و بوارەکانی میدیا و گرافیک دیزاین بدەن.

٤- دیجیتاڵ میدیا کوردییەکان دەتوانن لەڕێگەی هونەری گرافیک دیزاینەوە کاریگەری زیاتر دروست بکەن لەسەر گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانیان بۆ جەماوەر.

٥- هەوڵدانی باشتری گرافیک دیزاینەرانی دیجیتاڵ میدیاکان لە زیاتر بەکارهێنانی توخمەکانی گرافیک دیزاین و جێبەجێکردنی زیاتری بنەماکانی گرافیک دیزاین بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی بینەران و دروستکردنی کاریگەری باشتر لەسەریان.

٦- دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارتی، گرنگی زیاتر بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ بدات، بەتایبەت سیستەمە پێشکەوتوەکانی وەک (ڤیزرت) و هاوشێوەکانی، ئەوەش یارمەتی دەزگاکە دەدات لە پاڵ گرافیکە سیاسییەکانیدا، گەشەی زیاتر بە گرافیکە وەرزشییەکانی کەناڵەکە بدات.

٧- دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارتی، هاوشێوەی گرافیکی سیاسی، گرنگی بە کەرەستەی گرافیک دیزاین بدات لە بوارەکانی دیکەی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، فەرهەنگی، ئاینی، تەندروستی، وەرزشی).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Impact of Graphic Design on Media Outlet Messages to Audiences in the Kurdistan Region - NRT as a Case

**Bryar Jalal Maeroof [1] - Hakim Osman Hamid [2]**
[1+2] Department of Media Technique, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The content of this research is (the impact of graphic design on media outlet messages to the public in Kurdistan Region - NRT as an example).it is practical research that has taken the university lectures of media department, journalists, and graphic designers as Kurdistan Region, this study as big imports for Kurdistan Region, the importance is interpreted in terms of technological development of the era. In kurdistan region, the media agencies have exerted all their efforts to imply the powerful influence on their viewers, listners and readers. Using the varieties of graphic design, the media agencies have tried to have effects on their viewers in terms of meeting the political, economic and social goals.........etc and get benefit from graphic design as a current science development. Media outlets, following significant developments, contribute significantly to the social and political life of communities and have a significant impact on public opinion and political decision-making. If conflicts have already been conducted via military and direct confrontations, these conflicts now are resolved more in the media and through writings, the graphic design is one of the arts types that can be used today to get conflicts to the resolution point. the impact of graphic design on media outlet messages to the public in Kurdistan Region. So, the researcher is in the context of descriptive research by applying the survey tools. At the same time, in the theory, the researcher has relied on the theory of referring to media tools for the public, which is one of the prominent theories in the field of media and special to creating impacts on the audience as one of the ethnic ity of the relationship. That's why, the researcher received the selected the sample for 179 persons including the lecturers of Kurdistan Region universities, journalists, and graphic designers on purpose. For which, the researcher has certainly used the survey analysis form to achieve the research goal.

**Keywords:** Graphic Design, Media Messages, Degital Media, The Public, Kurdistan Region.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31

## سەرچاوەکان:

سەپان، مەغدید خدر، ژانەرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە ١٤٥٠ - ١٥٠٠، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨.
عومەر، بەرهەم، دەروازەی گرافیک دیزاین، کتێبخانەی لالەزار، سلێمانی، ٢٠٢٠.
حەمەئەمین، ئەکرەم فەرەیدون (کاریگەریی نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) بەنمونە لەماوەی (٢٠١٦/١/١ - ٢٠١٧/١٢/٣١) تێزی دکتورا، زانکۆی سەلاحەددین/ بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٨.

ابو اصبع، صالح خليل، العلاقة العامة واتصال الانسان، دار الشروق النشر وتوزيع، ١٩٩٨.
الحمداني و اخرون، موفق و عدنان الجادري و عامر قنديلجي و عبدالرزاق بني هاني و فريد أبو زينة، مناهج البحث العلمي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.
الدليمى، عبدالرزاق محمد، الاعلام الجديد و الصعافة الالكترونية، دار وائل النشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١١.
الراوي، نزار عبدالكريم، مبادئ التصميم الجرافيكي المفاهيم والتطبيقات، دار أوثر هاوس للنشر والتوزيع، الولايات المتحدة الأمريكية، ٢٠١١
العبد، عاتف عدلى، مدخل الى التصال والراى العام: الاسس النضريان واللاسهامات العربية_ القاهرة، دار الفكر العربى،1997.
العربي، رمزى، التصميم الجرافيكي، دار اليوسف للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت،٢٠٠٥.
العلاونة، د.على سليم، أساليب البحث العلمى فى العلوم الإدارية، دار الفكر للنشر والتوزيع، ١٩٩٦.
اللبان، شريف درويش، تكنولوجيا النشر الصحفي، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١.
الهيتى, هيثم، الإعلام السياسي و الأخبار في الفضائيات، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٨.
حمةامين، اكرم فريدون, الإخراج الصحفي في صحافة اقليم كوردستان، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الاعلام/ جامعة الجنان - لبنان، غير منشورة, (٢٠١٣).
كيطان، سهام محسن، (إشكاليات الإخراج الفني في الصحف العراقية حديثة الإصدار وسبل تطويرها) رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الفنون الجميلة جامعة بغداد ٢٠٠٤).
عزيز، سيما سعدون، (اخراج الصفحة الاخيرة في الجرائد العراقية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاعلام- جامعة بغداد، ٢٠٠٨).

Pettersson, R. (2015). Graphic design. Tullinge: International Institute for Information Design.
Samara, T. (2007). Design elements: A graphic style manual. Rockport publishers.
Philip B.Meggs, Alston W.Purvis. (2006). Meggs History of graphic design, Untid States Of America.
Armstrong, Helen, ed. Graphic design theory: Readings from the field. Chronicle Books, 2009.
Cezzar J. (2017). What is graphic design? Retrieved from https://www.aiga.org /guide-whatisgraphicdesign.
Gomaa.M. Evolution of android and its impact on mobile application development. Zarqa Journal for Research and Studies in Humanities, 2012.

https://www.kickstarter.com/projects/letterformarchive/w-a-dwiggins-a-life-in-design
https://www.famousgraphicdesigners.org/paul-rand
https://1stwebdesigner.com/graphic-design-basics-elements/
https://254-online.com/shape-visual-element-graphic-design/
https://1stwebdesigner.com/graphic-design-basics-elements/
https://99designs.com/blog/tips/color-psychology/
https://www.logoworks.com/getting-acquainted-7-elements-graphic-design/
https://www.skillshare.com/blog/the-seven-basic-elements-of-graphic-design/?via=blog#image



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper31**